## بەشێک لەو نزاکەرانەی دوێنێی (سید الرئیس) ، چاویان بە ئاریا دا هەڵ نایات!!؟؟ مەهدی خالید خەمبار بەشی (2)

2 / من و هەموو دڵسۆزێک لەوە دڵنیاین کە گەر پێتان بکرێت و ئاو بە دوای بێڵتانا ڕێ بکات، ئەوا ئەوانەی لە ئەنفالەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ بە جێ مابین ئەنفالمان دەکەن و شمشێرە ژەنگاویەکەی دوێنێمان لە مل دەساونەوە!! بەشێک لە ئێوە مامۆستایانی ئاینی بەڕێز و بەشێکیش لە ئیسلامە سیاسیە کورد کوژەکانی جەنگەڵستانەکان و ئەو ئەشکەوتە تاریکەکانەی کە وەک شەمشەمەکوێرە لێانەوە ڕەویان کرد بەرەو وڵاتەکەمان و هەر ڕۆژەی بە ناوێکەوە و بە ڕەنگێکەوە خۆیانمان پێ دەناسێنن، چاوتان نە بە ئاشتی و ئارامیدا هەڵدێت، نە بە پێشکەوتن و شارستانیەتدا!! ئێوە هۆگری



ئایدۆلۆژیایەکی بەرچاو تەنگ و گۆشەگیرن!! ئەرێ بەڕێزینە ئیوە وەک ئەوە بەر ئێمەش و حکومەت و پەرلەمانە ئیفیلیجەکەشمدا بە جۆرێ دەخوڕن و دەبڕن وا دەزانن، ئێوە پێشمەرگە و پارتیزانەکانی کوردستان بونە و ئێمەتان لە چنگی دڕندەترین ڕژێم ئازاد کردبێت! وا دەزانن ئێمە هەمومان گیامان بە کێوەوە خواردوە و هەندێکتان بزنین قەد شاخەکانین!

وا دەزانن ئەو هەمو خوێنە گەشەی لە بەر کەسوکارەکانمان ڕژاوە و بەو خوێنە ئەم ڕۆژە بەدیهاتوە هەموی بە شان و بازوی ئێوە هاتۆتە دی!!! ئێستاش و بە دڵنیاییەوە دەڵێم بەشێکی زۆرتان گەر بۆتان بکرێت دەست لە گەڵ دوژمنان و نەیارانی گەلی کوردا تێکەڵ دەکەن و خەنجەر لە پشتی خۆمان دەدەن و گۆڕی مردوەکانیشمان هەڵدەتەکێنن!!! ڕۆژێک لە ژێر پەردەی ئاینەوە لێدانی کاسێتمان لێ قەدەغە دەکەن، ڕۆژێک تیزاب دەکەن بە لەشی ئافرەتێکی تەنورە لە بەردا، ڕۆژێک فتوا لە دژی فلانە شاعیر و فلانە نوسەر و فیسارە گۆرانیبێژ دەردەکەن و فو بە بڵندگۆی مزگەوتەکاندا دەکەن و خەڵکانێکی بێ گوناە و بێ ئاگایان لێ هان دەدەن و بە بیانوی سوکایەتی کردن بە ئاینەوە و پێشتان بکرێ بە دەردی (دوعا) ی کچە یەزیدی دەبەن یان باشترە بڵێم (ڕەجم) ی دەکەن!! ئەمڕۆش پاش ئەوەی هەمو شتێکتان لە بێ دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ چوە سەر و هەرچیتان ووت و داواتان کرد بۆتان چوە سەر! ئەمجا داوای ڕاگرتنی لێدانی دراما و ئەو بایە لەو کونەوە بێت و خاوەنی ئەو پاشاگەردانیە بین کە هەرکەسەو گلاوەتە فیرفان سیخناخ کردنی خۆیەوە، هیوادارم سبەی گۆرانی لێدانیشتان پێ قەدەغە بکەن چونکە پشتی پانتان هەموو شتێک هەڵدەگرێت!!!

3 / ئاریا پاڵەوانێکی هێندە بە جەرگە (دور لە روی حکومەت و پەرلەمانەکەی خۆمان) پەنجەی کردۆتە چاوی هەموو ئەوانەدا کە ئاشی ویست و حەزەکانیان بە بەها پیرۆزەکانی گڕ داوە و گڕ دەدەن، من دڵنیام لەم بەرەنگاربونەوەیەدا کلک گرێدانێک هەبێت لە نێوان ئەوانەی تا دوێنێ بۆ دینارێک براکەی خۆی ڕادەستی ڕژێم دەکرد!! ئەوانەی بە ئارەزوی خۆیان یاریان بە چارەنوسی ڕەش و ڕوتی وڵاتەکەمان دەکرد!! ئەوانەی وا تا دوا نانی لە گەڵ سەدامدا لەت کرد و خوارد!!! ئەوانەشی هەمیشە لە سەنگەری دژە پێشمەرگەدا خۆیان قایم کردبوو!! لە کۆتایشدا ئەوانەشی ئەمڕۆ لە ناو قوڕ و لیتەی گەندەڵیدا تا بنەقاقایان چەقیوە و لە سەر خوێنی شەهیدان و قوتی دەمی کەسوکاری ئەنفالکرا و ڕەش و ڕوتی میلەتەکەمان هەڵدەپەڕن!! ئاخۆ گەلۆ بەرەیەک هێندە باڵی لە خۆ گرتبێت و هێندە هێزی تێ جمابێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
24-6-2007 21:59 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەبێ چۆن (ئاریا ) یكی هەژار و بێ كەس بتوانێت بەرگەیان بگرێت بۆیە بە ناوی (ئاریا ) ەوە داوای هێزی لە بن نەهاتوی جەماوەر دەكەین؟؟؟؟

جاران ڕژێم بەو هەموو دڕندەیی و بێ بەزەییەی خۆیەوە نەیدەتوانی ڕێ لە قەڵەمە جەربەزەكانمان و هەستە گەرمەكانمان بگرێت و لە گۆیان بخات یانیش تەوقی جاشایەتی بكاتە ملی هەمو هونەرمەندان و نوسەران و شاعیران و دڵسۆزانی گەل و! ئەگەر چی بەشێكیش لەو قەڵەمانە بە شێوازی هەندێك لە مامۆستا ئاینیەكان كە بوبون بە زوڕنا و دەهۆڵ ژەنی ڕژێم، ئەوانیش بە داخەوە سەری دێر و بنی دێریان (سەرۆكی فەرماندە) بوو خۆیان و قەڵەمەكانیان خستبوە خزمەتی ئەو ڕژێمە دڕندەیەی كە بە ئاگر و ئاسن میلەتەكامانی لە ناو دەبرد، هەرچەندە بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر زەحمەت بوو ڕاستەوخۆ بنوسیت كوردستان، دەبو بە یەكێك لەم وشانەت بچواندایە (خۆشەویستەكەم، نەسرینەكەم، دلبەرەكەم، سیرینەكەم، دڵدارەكەم، ئەستێرەكەم، لوبنان، فەلەستین) هتد ئەگینا هەم شاعیر و نوسەرەكە تیا دەچو هەمیش بەرهەمەكەشی بڵاو نەدەكرایەوە!! بەڵام شەرم لەمەدایە ئەمڕۆ لە وڵاتێكی ئازاد و دور لە فیلتەرە هەمەجۆرەكان، كەچی ڕێگەی ئەوەمان لێ بگیرێت كە نابێت فڵانە دراما و فیسارە گۆرانی بڵاو بكرێتەوە سوكایەتی بە مامۆستایانی ئاینیەوە دەكات، هەرچەندە ئەگەریش سوكایەتیش بێت بۆ ئەو كەسانەیە كە خۆیان لەو بازنەیەدا دەبیننەوە، نازانم بۆ هێندە كوێرانە بابەتەكان شی دەكەنەوە و دەیان سەرەداویان لێ دەردەكەن، كاكە ناكرێ نكۆڵی لە بونی هەزاران جاش و موستەشاری هازمانی خۆمان بكەین كە لە ئەنفالەكاندا مەڕیان بۆ گورگ دەكردە ژورەوە!! ناكرێ باس لە بوونی دەیان مەلای بە كرێگیراو و سیخوڕی ڕژێم نەكەیت! ناكرێت باس لە بونی پێشمەرگەی سەنگەریش نەكرێت! چاوپۆشیش لەو قەڵەمە بەزیوانەش ناكرێت كە لەو ڕۆژگارەدا بە جۆرێك بەجۆكدا هاتبون كوردبونی خۆیانیان بیر چوبۆوە!! ویژدانیش ڕێگەمان پێ نادات باس لە مقاوەمەتی زیندانیانی گرتوخانەكانی ڕژێمیش نەكەین كە وەک چیا سەركەش وەستابون و ئێستاش بە داخەوە بكوژان و بە گرتدەرانی ئەوانە بونەتە شۆڕشگێڕ (من بومەتە بێگانە و بێگانەش خاوەن ماڵە)

ماویەتی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.